# سفرەی چەور و قەتلۆعامی گیانلەبەران

**حەسەن جودی**
hesen_cudi@yahoo.com

کاتێك حەزرەتی ئیبراهیم بەرانێکی لەجیاتی ئیسماعیلی کوڕی سەربڕی و کردیە قوربانی مسۆگەر بۆ ئەوە بوو مرۆڤایەتی لەنەریتێکی بەد و هۆڤیگەرانە رزگار بکات. بەڵام مسۆگەریشم لەوەی ئەو حەزەرتە بەڕێز و مەزنە نەیدەزانی پاشان پەیڕەوانی نەریتە نوێیەکەی ئەو، ساڵانە و لەماوەی یەك دوو رۆژدا بەملیۆنان پەلەوەر و مەڕوماڵات و جوانەگا و گیانلەبەری دیکە لەژێر ناوی قوربانی سەردەبڕن و قەتلۆعامێکی هۆڤیانەیان لەسەر پەیڕەو دەکەن!!.

ئەوەی ساڵانە و لەجەژنی پیرۆزی قورباندا دەیبینین جگە لەژینۆسایدی گیانلەبەران هیچی دیکە نییە، دەبێ جگە لەدامرکاندنەوەی غەریزەی کوشتن و سەربڕین و خوێنڕشتن چ واتایەکی دیکەی هەبێت؟! ئیدی سەربڕین و خوێنڕشتن و کوشتن بۆتە پرۆسەیەکی ئاسایی و تەنانەت زۆر پیرۆزیش و لەبەرچاو گەورە و بچووك ئەنجام دەدرێت. تۆ بڵێی ئەو سەربڕینانەی گروپە تیرۆریستەکان کە دەرهەق بە بارمتەکانیان لەئێراق و جێگای دیکە ئەنجام دەدرێن دەرئەنجامێك لەدەرئەنجامەکانی ئەو بەناو قوربانیدانە نەبێت؟! هۆکارێك لەهۆکارەکانی ئاسایی دیتنی سەربڕینی مرۆڤیش نەبێت؟!.

ئەگەر حەزەرەتی ئیبراهیم هەزاران ساڵ پێش ئێستا لەجێگەی نەریتی سەبڕینی مرۆڤ وەك قوربانیدان بۆ خواوەندەکان سەربڕینی بەرانێکی کردە سیمبۆلی قوربانیدان، داخوا ئەمڕۆ ناکرێ ئیدی مرۆڤایەتی دەستەبەرداری ئەو نەریتە کرێت و بەدە بێت و لەجیاتی ئەوە بەشێوەیەکی سیمبۆلیك شێوازێکی دیکە و نەریتێکی دیکەی هاوچەرخ و مرۆڤدۆست و ژیندۆست و ژینگەدۆستانە پەیڕەو بکرێت؟!.

هەڵبەتە ئەمڕۆ ویژدانی مرۆڤایەتی و ئاستی هۆشیاری و هزرییەکەی هەرگیز ناتوانێ بەمشێوەیەی کە ساڵانە لەجەژنی قوربان ئەنجام دەدرێت قەتلۆعامکردنی گیانلەبەران داقورتێنێ. هەرگیز پێی داناقورتێ و هەرسی ناکات، من لێرەدا باس لەو زیان و کاریگەرییە نێگەتیڤانە ناکەم کە ئەو نەریتە لەرووی ئابووری و کولتووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی چەندە زیان بەو کۆمەڵگایانە دەبەخشێ کە پەیڕەوکاری ئەو نەریتەن. بەتایبەتی وڵاتێکی هەژاری وەك کوردستان!!. چونکە وەك دەڵێن هەویرێکە و دەریایەك ئاوی دەوێ، ئەوەی گرنگە داخوا دەکرێت لەبری ئەو شێوە قوربانیدانە سەرجەم ئەو گیانلەبەرانەی بڕیارە بکرێنە قوربانی لەهەر شار و شارۆرچکەیەك کێڵگەیەکی بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنیان بۆ دابین بکرێت و سوود لەبەروبوومەکانی ئەو گیانلەبەرانە وەربگیردرێ و داهاتەکەیشی بەخێزانە هەژار و نەدارەکان ببەخشرێت کە لەسەدا هەشتای کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلامی لەئاستی هەرە نزمی بژێویدا دەژین. ئەم پرۆژەیە چەندە خزمەت بەو کۆمەڵگایانە و تەواوی مرۆڤایەتی و بە تایبەت ئایینی ئیسلام دەکات، و دەروازەیەکی گەورە لەبەردەم گەڕانەوە بۆ گەوهەری ئایینی ئیسلام دەکاتەوە کە (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر)ە.

من خۆم تا ئەو رادە و ئاستەی باوەڕم بە یەزدان هەیە دڵنیام لەوەی یەزدان لەگەڵ قەتلۆعامکردنی گیانلەبەران و سروشت و ژینگەدا نییە و لەبنەڕەتیشدا ئەو جەژنە جەژنی لێبوردەیی و خۆشەویستی و بەرزراگرتنی بەهاکانی مرۆڤایەتییە کە پاراستنی سروشت و ژینگە پرەنسیپێکی هەرە بەرزییەتی نەك تەنیا سەربڕین و خوێنڕشتن و خواردنی پلاو و گۆشت و ئامادەکردنی سفرەی چەور و... هتد.